www.kurdistannet.org
9-7-2006 21:59بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# جوانترین شتی دەسەڵات لێبوردنە * ... کارمەند بەکر

لە کوردستان تازەترین کۆبونەوە و خۆپیشاندان، ئەو خۆپیشاندانە بوو کە شەوی 30/29 مانگی شەش لە شارۆچکەی چوارقورنە و شەوی دوای ئەویش لە دەربەندیخان ڕووی دا، لێرەدا مەبەستم خۆپیشاندان نی یە کە من بڕوام پێیەتی وەك مافی هەر گروپ و کۆمەڵەیەك و دواتر داواکاری هەر تاکێك، بەڵکو مەبەستمە لە بەرامبەر بدوێم کە دەسەڵاتە، چونکە هەموو جارێك دوای خۆپیشاندان چەن کەسێك گیراون بە بیانوی گێرە شێوێن و ئاژاوەگێری و ئەگەر کوشتنیشی تێدا نە بووبی وەك ئەوەی هەڵەبجە قۆناغە تفەنگی هەر تێدابووە.

بە پێی ئەوەی کە بڵاوکرایەوە، زیاتر لە پانزە کەس لە لایەن هێزەکانی ئاسایشەوە دەسگیرکراون، لێرەدا پرسیارەکە دروست دەبێت، ئایا کەسانی خۆپیشاندەر مەترسیان چی یە کە لە لایەن ئاسایشەوە گیراون و تاوانبارن بەچی؟ ئایا دەسەڵات بڕوای بە خۆپیشاندان نی یە و پێی وایە مەترسی بۆ مانەوەی لەسەر حوکم دروست دەکات یان ئەوانەی خۆپیشاندان دەکەن مەبەستیان نانەوەی ئاژاوەگێری یە و بەس.

کاتێك دەپرسی بۆ دێنە سەر شەقام و خۆپیشاندان دەکەن، کۆمەڵێك وەڵامت دەدرێتەوە کە داواکارین و مافی سەرەتای هەر مرۆڤێکە، کە بە ئاسانی بۆی دەستەبەر بێت و کارەبا و ئاو و سوتەمەنی و شوێنی نیشتەجێبوون پێویستی ژیانن و ناکرێت لەبەرامبەر نەبوونی بێدەنگی هەڵبژێری، ئەی کەواتە منی هاوڵاتی بۆ دەبێت داوای حەقی خۆم بکەم و دەسگیر بکرێم، بۆ دەبێت بڕژێمە سەرجادە و بە گێرەشێوێن ناوببرێم؟

لە دوای ڕاپەڕین هەر کۆبونەوە و خۆپیشاندانێك ئەگەر دەسەڵاتی کوردی لە پیشتیەوە نەبووبی، ئەوا بێگومان ڕێگەی بۆ خۆش نەکراوە و ئەوەی کە گرنگیشە ئەوەیە، ئەگەر دەسەڵات پێی وابی خەڵك بێدەنگ کا ئەوا دەسەڵات بەرەو دیکتاتۆری دەڕوا و ئەگەر پێشی وایە خۆپیشاندان ئاژاوە گێری یە ئەوا کەوتۆتە نێو هەڵەیەك کە دەبێت باجەکەی بدات و هەرگیز ناکرێت کەسانی خۆپیشاندەر بۆ بە دەست هێنانی داواکاری دەسەڵات بە دوژمنی خۆی تێی بگات، لێرەوە دەکرێت بگەڕێینەوە بۆ باس کردنی شتە جوانەکانی دەسەڵات کە لێبوردنە، چونکە هەر دەسەڵاتێك و حوکم ڕانییەك لێبوردنی نەبوو، ئەی جوانیەکەی لە کوی دایە؟.

چونکە ئەو کەسانەی بڕیاری دەسگیر کردنی خۆپیشاندەران دەدەن، ئەو بەر پرسە بەرێزانەن کە کارەبای ماڵەکانیان ناکوژێتەوە و ڕۆژێك لەبەر دەرگای ماڵەکانیان پێنج لیتر نەوتیان نەکڕیوە و نە ساحێب خانوو ئیزنی داون و هاواری پێشەکی خانویەکی تر بکەن و نەیان بێت بیدەن، نە تەنها بۆ کاژێرێکیش لە سەرەی بەنزینخانەکان وەستاون و نە گەرمای هاوین و سەرمای زستان تەنگی پێ هەڵچنیون و نە دە دەقیقەش باوەشێنی خۆیان کردووە لە گەرمادا و نە هەڵ لەرزیون لە سەرمادا، نە باوێشکیشیان داوە بەدەم چاوەڕێ کردن بۆ هاتنەوەی یان پڕ بوونی تانکی ئاوی سەربانیان، نە بتڵێك غازیان داوە بەسەر شانیاندا و چوار کۆڵان دوور لە ماڵەکەی خۆیان غازیان کڕیوە، کەواتە بۆ دەبێت دەسگیر بکرێن ئەوانەی نە پاسەوانیان هەیە و نە بە سی چوار پرسگەدا ناگەیتەلایان، نە پاڵیان داوەتەوە موچەکانیان پڕاو پڕی مانگ بیان ژێنی و نە ماڵەکانیشیان هەموو ژورێکی سپلێتێکی تیایە.

کاتێك کە جوانترین شتی دەسەڵات لێبوردنە، لێبوردن لە ئەو هاوڵاتیانەی لە بیابانێك زەوی وەردەگرن نە ئاو و نە کارەبا و نە شەقام و نە زێرابی تێدا یە و لێبوردن لەو مرۆڤانەی کە داوای مافی خۆیان دەکەن و هیچی تر، داوای ئەوە دەکەن کە تۆیەکی بەرپرس کە منێکی هاوڵاتی دەنگم پێداوی ڕێگەم بدە

وەك مرۆڤ بژیم و كار ئاسانیم بۆ بكە لەبەرامبەر ئەوەی كە دوژمنت نیم، لێبوردن لە تورەی ئەو بەتەمەنانەی كە چەند كاژێرێك دەوەستن بۆ موچەی خانەنشینی، كە بای مێزێكی یانەیەكە، لێبوردن لەو ئافرەت و منالانەی كە بە دەبە ئاو دەهێنن و ژیان دەگوزەرێنن، لێبوردن لەو گەنجەی تەماشای كالایەك دەكاو گیرفانی خالییە، لەو فەرمانبەرەی ناوچەوانی هەمووی ئارەقە و لە مۆقیفێكدا وەستاوە و پارەی مانگانەكەی بەشی ئەوەناكات سواری تەكسی بێت و قرچەقرچی ئەو گەرمایە ئە چێژی، لێبوردن لەو منالانەی كە پێلاوی گەورەكان بۆیاخ ئەكەن، لێبوردن لەو كرێكارەی كە بەیانیەكی زوو دەچێتە سەر كار و ئێوارە كە گەڕایەوە هێندەی پەیدا كردووە كە بەشی ئەوە دەكات نەمری لە برسا، لێبوردن لەو قوتابیانەی بەشە ناوخۆیەكەی ئاوی تێدا نی یە و پڕۆگرامی خوێندنەكەی كۆن و بەسەر چووە، لێبوردن لەو دایك و باوكەی كە توانایان نی یە منالەكانیان بنێرنە كۆلێژەكانی تایبەت و لە قوتابخانە تازە و پێشكەوتوەكان بێبەشن، لێبوردن لە منی گەنج كە كوخێكم نی یە لە دوای پێكهێنانی خێزان تیایدا بحەوێمەوە، لێبوردن لەو ئافرەتانەی كوڕەكانیان بونە قوربانی شەڕی ناوخۆ.

ئەمانە هەمووی تورەی بەرهەم دەهێنی و بێزاری دروست دەكات، كەواتە ئەم تورەییە یان دەبێت بەرامبەر لە ناو ببەیت كە ئەو كات دەبیتە دوژمنی، یان دەبێت داوای بەدەست هێنانی بكەی، لێرەوە دەبێت دەسەلات پێشی خۆش بێت و ڕێگە لە بار كات بۆ خۆپیشاندانی جەماوەر یا ئەوەتا بێدەنگكردنی جەماوەر دیكتاتۆریەت بەرهەم دەهێنێت، لەمەی دووەمیشیاندا ناكرێت دەسەلات هەلبژێری چونكە باسی ئازادی و كۆمەلی مەدەنی لە ئارادایە؟ ئەی كەواتە ئەگەر ئازادی و كۆمەلگای مەدەنی نەرم و نیانی نێوان تاكەكان و نێوان حكومەت و جەماوەر نەبێت و لێكتێگەیشتن بەرهەم نەهێنی كەواتە باس كردنی ئازادی و كۆمەلگای مەدەنی ڕاستی یەكی شاخدارە؟!

لێرەوە دەبێت حكومەت و دەسەلات هەر بگەڕێنەوە بۆ ئەو حەقیقەتەی كە دەسەلات باج بدات و هاولاتیانیش خۆش بژین.

( () ) * وتەیەكی وەرگیراوە، بە داوای لێبوردن لە خوێنەر كە نازانم وتەی كێیە،